# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٥٦)ساڵی بیستەم ١٥/ تشرینی یەکەم/٢٠٢٠/ زاینیی ٢٣/ رەزبەر/ ٢٧٢٠ / کوردی ٢٨/ سەفەر/ ١٤٤٢ کۆچی

256


## لەم ژمارەیەدا :


**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠** ل ١

یاسای ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢٠ پەرلەمانی کوردستان** ل ٩

پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ بەدواداچوون لە وتەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ

**رێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٠

تایبەت بە دامەزراندن لەسەر هەردوو راژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و راژەی شارستانی

**رێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل ١٧

تایبەت بە میراتگری زیندانی سیاسی

**رێنمایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل ١٨

خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی

**بەیانی ساڵی٢٠٢٠ پەرلەمانی کوردستان** ل ٢٠

ڕاستکردنەوە هەڵە لە (یاسای رێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق)

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی داد** ل ٢١

کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی دووەم لە ناوەندی پارێزگای هەولێر

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی داد**

**بەیانی ساڵی٢٠٢٠ وەزارەتی داد** ل ٢٢

پێکهێنانی لیژنەی (تحرير تمهيدى) بۆ موڵکەکانی ژمارە (١و٢ کەرتی ٦٣ بیارە)

**بەیانی ژمارە (٤٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٣

پێدانی دەسەڵات بە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

**بەیانی ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٥

پێدانی دەسەڵات بە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کارگێری گشتی

**بەیانی ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٤

گۆڕینی ناوی گوندی (بەگی) بۆ (دانای حاجی صالح)

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٢٤

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٤

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی پەروەردە** ل ٢٤

**بەیانی ژمارە (٢٥-٢٦-٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ وەزارەتی تەندروستی** ل ٢٥



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.

☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd



نرخی (١٥٠٠) دینارە

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

العدد (٢٥٦) السنة العشرون ١٥/ت تشرين الأول / ٢٠٢٠ ميلادي ٢٣/ ڕەزبەر / ٢٧٢٠/كوردي ٢٨/ صفر /١٤٤٢ هجري

**256**


## في هذا العدد:


**القانون رقم (٤) لسنة ٢٠٢٠** ص ٢٩

قانون حقوق وواجبات المريض في إقليم كوردستان - العراق

**قرار رقم (٨)لسنة ٢٠٢٠ برلمان كوردستان — العراق** ص ٣٥

تشكيل لجنة مؤقتة لمتابعة أقوال رئيس كتلة حركة الجيل الجديد

**بيان لسنة ٢٠٢٠ برلمان كوردستان — العراق** ص ٣٦

خطأ في النص العربي للقانون (قانون تنظيم الدعاية التجارية في إقليم كوردستان ـ العراق)

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم(٣)لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ١٠

**تعليمات رقم(١٨)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية و الاقتصاد** ص ١٧

**تعليمات رقم(٢٠)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية و الاقتصاد** ص ١٨

**بيان رقم(١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة العدل** ص ٢١

**بيان رقم(٢)لسنة ٢٠٢٠ وزارة العدل** ص ٢٢

**بيان رقم(٤٩)لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ٢٣

**بيان رقم(٥٠)لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ٢٥

**بيان رقم(٥١)لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ٢٦

**بيان رقم(٣)لسنة ٢٠٢٠ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية** ص ٢٦

**بيان رقم(٥)لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية و الاقتصاد** ص ٢٧

**بيان رقم(٢)لسنة ٢٠٢٠ وزارة التربية** ص ٢٧

**بيان رقم (٢٥-٢٦-٢٧) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الصحة** ص ٢٨



**No. 256 Date: October, 15 , 2020 Vol.: 20**

چاپخانەی شەهاب هەولێر

سعر (١٥٠٠) دينار



**العنوان** : **اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل**

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو ، و پاڵپشت بەو یاساكارییەی پەرلەمانی كوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٥)ی رۆژی ٢٠٢٠/٩/١٥ كردوویەتی، بڕیارماندا بە دەركردنی:

**یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**یاسای ماف و ئەركەكانی نەخۆش لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

**بەشی یەكەم**
**پێناسە و ئامانجەكان**

**ماددەی (١) :**
بۆ مەبەستی حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئەم ووشە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریان دەگەیەنن:-

**یەكەم: هەرێم**: هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**سێیەم: وەزارەت**: وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**چوارەم: وەزیر**: وەزیری تەندروستیی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

**پێنجەم: دامەزراوەی تەندروستیی**: هەموو ئەو شوێنانەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێشكەش بە نەخۆش دەكەن، چ لەكەرتی گشتی بن یان تایبەت.

**شەشەم: خزمەتگوزاریی تەندروستیی**: هەر رێكارێكی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستیی یان پزیشكی، پشكنینی تاقیگەیی یان تیشكی یان كلینیكی، نەشتەرگەریی، لەدایكبوون، كوتان، دەرمان، مانەوە لە نەخۆشخانە، و پێداویستیەكانی چارەسەری دیكە بۆ نەخۆش و هاووڵاتیان لەخۆ دەگرێت.

**حەوتەم:** نەخۆش: هەر مرۆڤێك پێویستی بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی هەبێت.

**هەشتەم: نەخۆشی**: هەر تێكچوونێكی جەستەیی یان عەقڵی یان دەروونی كە نیشانەی هەبێت و تەندروستیی مرۆڤ تێكبدات.

**نۆیەم: هاوەڵی نەخۆش**: هەر کەسێك بە حوکمی یاسا یان پلەی خزمایەتی ڕێگەپێدراو بێت بە واژۆکردن لەجیاتی نەخۆش لەکاتێکدا نەخۆشەکە بە هۆکاری سەختی نەخۆشییەکەی یان کەمی تەمەنی نەتوانێت واژۆ بکات.

**دەیەم: ئاڵۆزکانە ئاساییەکان (ماك)**: ئەو ئاڵۆزکانەن کە لەوانەیە لەکاتی چارەسەر یان دوای چارەسەر ڕووبدەن و لە تۆمارە پزیشکییەکان باسیان لێوە کراوە، و ناچنە ناو بازنەی هەڵەی پزیشکییەوە.

**یازدەیەم: هەڵەی پزیشکی**: ئەو ئاڵۆزکانە نەخوازراوانەیە کە لە ئەنجامی هەر کەمتەرخەمیەکی پیشەیی یان تەکنیکی یان ناشارەزایی یان پشتگوێخستن ڕوودەدات، و لەگەڵ ڕێساکانی دەستدانە پیشەی پزیشکی و چارەسەریی ناگونجێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ زیان گەیاندن یان دروستبوونی پەککەوتەیی یان مردنی نەخۆش.

**دوازدەیەم: ڕێساکانی پیشە**: ئەو ڕێسایانەن کە بۆ دەستدانە کاری چارەسەری پزیشکی و تەندروستیی لە هەرێمدا بەرکارن.

**سێزدەیەم: هێزکاری تەندروستیی**: هەموو ئەو کەسانەن کە پیشەی پزیشکی و تەندروستیی بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان پیادە دەکەن.

**چواردەیەم: لیژنەی لێکۆڵینەوە**: لیژنەیەکی پیشەییە لە وەزارەت، کە لێکۆڵینەوە لەو کێشە و پرسانەی لە ئەنجامی هەڵەی پزیشکی و تەندروستیی دروست دەبن، ئەنجام دەدات.

**ماددەی (٢) :**

**ئامانج لەم یاسایە ئەمانەی خوارەوەیە:-**

**یەکەم:** پاراستنی تەندروستیی گشتی لە ڕێگەی پاراستنی مافەکانی نەخۆش و دیاریکردنی ئەرکەکانی.

**دووەم:** پاراستنی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیانی هەرێم لە سوود وەرگرتنیان لە باشترین خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

**سێیەم:** پاراستنی شکۆمەندی و سەلامەتی و نهێنیەکانی نەخۆش و بەرزکردنەوەی ئاستی سوودمەندی خزمەتگوزاریە تەندروستییەکان لە دامەزراوە تەندروستییەکان.

**چوارەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی نەخۆش دەربارەی ماف و ئەرکەکانی لە دامەزراوە تەندروستییەکان .

**پێنجەم:** کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و پەککەوتەیی و زیانە تەندروستییەکان.

**شەشەم:** پتەوکردنی متمانەی نێوان نەخۆش و هێزکاری تەندروستیی لە دامەزراوە تەندروستییەکان.

## بەشی دووەم
## مافەکانی نەخۆش

**ماددەی (٣):**

نەخۆش لەهەر دامەزراوەیەکی تەندروستیی، وێڕای سەرجەم ئەو مافانەی کە لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا هاتوون، ئەم مافانەی خوارەوەی دەبێت:-

**یەکەم:** مامەڵەکردن بە یەك پێوەر و بەبێ جیاکاریی لەگەڵ سەرجەم نەخۆشەکاندا، بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە، بێ ڕەچاوکردنی هەر جیاکارییەکی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزیی، نەتەوەیی، سیاسی، ئایینی، ڕەگەزنامەی نەخۆش یان هەر هۆکارێکی تر، لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی دۆخی بەپەلە و دۆخی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**دووەم:** دابینکردنی ئامێر و تاقیگەی پشکنین و چارەسەرە بەردەستەکان، بەشێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ پێوەرە زانستییە پزیشکییەکان.

**سێیەم:** دابینکردنی پێشوازیی و پشکنین و شوێنی مانەوە، بەشێوەیەك کە شکۆ و کەسێتی پارێزراو بێت.

**چوارەم:** پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندییەکانی باری تەندروستیی یان کەسیی، تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت کە بە یاسا دیاریکراوە، یان لەلای دادگاوە داوا دەکرێت، یان دەبێتە هۆی مەترسی بۆ تەندروستیی گشتی.

**پێنجەم:**

١ـ دەسکەوتنی زانیاریی تەواو لە پزیشکی چارەسەرکار و دامەزراوەی تەندروستیی، لەبارەی تەواوی تێچووی دارایی پشکنین و چارەسەریی، زانینی پلانی چارەسەریی و جێگرەوەکان و ئەگەرەکانی ئاڵۆزکان بەزمانێکی ڕوون و ئاشکرا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی دۆخی نەخۆشی مەترسیدار و باری لەناکاو و بەپەلە.

٢ـ بینینی دۆسییە پزیشکییەکەی و دەستکەوتنی وێنەیەك لە دۆسییەکەی لەسەر داوای خۆی، و وەرگرتنی ڕاپۆرتی پزیشکی سەبارەت بە دۆخی تەندروستیی نەخۆش لەکاتی پێویستدا و بێ هیچ بەرامبەرێك.

**شەشەم:** ڕەتکردنەوەی هەر خزمەتگوزارییەکی پزیشکی یان چارەسەرێکی دیاریکراو، لەسەر بەرپرسیارێتی کەسیی خۆی، دوای ئەوەی ئاکامەکانی بە نەخۆش ڕادەگەیێندرێت، بە مەرجێك ڕەتکردنەوەی چارەسەریی یان ڕاگرتنی نەبێتە هۆی مردنی نەخۆش یان زیانگەیاندن بە تەندروستیی گشتی، و نەخۆش تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی تەواو کردبێت و توانای هەبێت گوزارشت لە ویستی خۆی بکات.

**حەوتەم:** وەرگرتنی بڕیار و ڕەزامەندی نووسراوی پێشوەختە یان ڕەزامەندی هاوەڵی نەخۆش بۆ ئەنجامدانی هەر نەشتەرگەرییەك یان سڕکردنێك (بەنج) جگە لە باری لەناکاو و ڕووداوەکان.

**هەشتەم:** لەباری لەناکاو یان لەپێناو ڕزگارکردنی ژیاندا، پزیشك دەبێت بڕیاری جۆری چارەسەریی ئەم نەخۆشانەی خوارەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ هاوەڵەکەی، بدات:-

١ـ بێهۆش.

٢ـ بیرکۆڵ.

٣ـ بێکەس.

٤ـ کاتێك نەخۆش هەوڵی زیانگەیاندن بە ژیانی خۆی یان کەسێکی تر بدات.

٥ـ نەخۆشی دەروونی، ئەوانەی کە توانای بڕیاردانیان لەو کاتەدا نییە.

**نۆیەم:** نەخۆش لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نیشان نادرێت تەنها بە ڕەزامەندی خۆی یان هاوەڵەکەی نەبێت.

**دەیەم:** بەشداربوون یان نەبوون لە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی و توێژینەوەیەکی زانستی، و نەخۆش لەهەر کاتێکدا بیەوێت دەتوانێت بکشێتەوە.

**یازدەیەم:** ڕاوێژکردن بە پزیشك یان دامەزراوەیەکی تەندروستیی دیکە سەبارەت بە نەخۆشییەکەی، و لەم بارەدا پێویستە پزیشك یان دامەزراوەی تەندروستیی یەکەم، بە بێ بەرامبەر ڕاپۆرتی پزیشکی تەواو سەبارەت بە نەخۆشی و بەدواداچوونەکانی وەك بەرچاوڕوونیەك بۆ پزیشکی دووەم، بداتە نەخۆش.

**دوازدەیەم:** بەتەنهایی پشکنین و چارەسەریی بۆ بکرێت و کاتی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت، ئەمەش ڕێگرنییە لەوەی نەخۆش کەسێکی تری بەڕەزامەندی خۆی لەگەڵدابێت.

**سێزدەیەم:** دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە دامەزراوە تەندروستییەکانی کەرتی گشتی بەبێ بەرامبەر.

**چواردەیەم:** ڕەچاوکردنی باری دەروونی نەخۆش.

**پازدەیەم:** نابێت ڕوودانی کێشە یان بەریەککەوتن لەنێوان نەخۆش یان هاوەڵەکەی لەلایەك، و هێزکاری تەندروستیی یان بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەی تەندروستیی لەلایەکی تر، هیچ کاریگەرییەك لەسەر پرۆسەی چارەسەرکردنی نەخۆشەکە دابنێت.

**شازدەیەم:** دابینکردنی خواردنی پێویست و گونجاو لەگەڵ دۆخی تەندروستیی نەخۆش.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** نەخۆش یان شوێنگرەوە یاساییەکەی لەکاتی پەککەوتەیی، و میراتگر لەکاتی مردنیدا، دەتوانێت:

١ـ داوای زانینی هۆکاری پەککەوتەیی یان مردنەکە بکات، و دامەزراوەی تەندروستیی پابەند دەبێت بە خستنەڕووی ڕاستییەکان و پێدانی بەڵگەنامە تەندروستیی و پزیشکییەکان.
٢ـ لەکاتی بوونی گوماندا سکاڵایەك بۆ وەزارەتی تەندروستیی بەرز بکاتەوە و پێویستە لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا ئاڕاستەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکرێت.

**دووەم:**

١ـ لیژنەی لێکۆڵینەوە لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژ تێپەڕ نەکات دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات، و لە ماوەیەك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕ نەکات، لێکۆڵینەوەی زانستی و پیشەیی سەبارەت بە سکاڵاکە تەواودەکات.
٢ـ لیژنە لێکۆڵینەوە و ڕاسپاردەکانی دەخاتە بەردەم وەزیر بۆ وەرگرتنی ڕێوشوێنی یاسایی و کارگێڕی بەرامبەر دامەزراوەی تەندروستیی یان هێزکاری تەندروستیی لە ماوەیەك کە لە (٧) حەوت ڕۆژ تێپەڕنەکات.
٣ـ زیانلێکەوتوو دەتوانێت داوای وەرگرتنی وێنەیەکی ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکات.

**سێیەم:** بەمەبەستی وەرگرتنی قەرەبوو، زیانلێکەوتوو دەتوانێت لەبەردەم دادگای تایبەتمەند داوای یاسایی پێشکەش بکات، دادگا دەتوانێت پشت بە ڕاپۆرتی پەسەندکراوی لیژنەی لێکۆڵینەوە ببەستێت بۆ یەکلاکردنەوەی داواکە.

**ماددەی (٥):**

وێڕای ئەو مافانەی کەلەم یاسایە و یاسا بەرکارەکاندا هاتوون، هەر منداڵێکی نەخۆش مافی هەیە:-

**یەکەم:** ئامێر و کەرەستە و پێداویستی پزیشکی بەردەست و تایبەتی، لەناو دامەزراوەی تەندروستیی، بۆ دابینبکرێت.

**دووەم:** پارێزگاری لێبکرێت لەسەرجەم جۆرەکانی ئازاردان لەکاتی پشکنین یان چارەسەریی لەناو دامەزراوەی تەندروستییدا.

**سێیەم:** هاوەڵێکی هەبێت لەکاتی مانەوەی لە دامەزراوەی تەندروستیی جگە لە هەردوو بەشی چاودێری چر و بەشی منداڵە ناکامەکان.

**چوارەم:** سەرجەم پێکوتە پێویستەکانی لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەن، لە کەرتی گشتی بەبێ بەرامبەر، بۆ دابینبکرێت.

**ماددەی (٦):**

وێڕای ئەو مافانەی کەلەم یاسایە و یاسا بەرکارەکاندا هاتوون، ئافرەتی دووگیان مافی هەیە:-

**یەکەم:** دابینکردنی ناوەندی تایبەتمەند بە چاودێری و ڕێنوێنی و ڕاوێژ و چارەسەریی بۆ خۆی و بۆ کۆرپەکەی، لەسەرجەم قۆناغەکانی دووگیانی و لەکاتی لەدایکبوون و دوای لەدایکبوون لە کەرتی گشتی.

**دووەم:** دابینکردنی گشت پێکوتە پێویستەکان لە قۆناغەکانی دووگیانی یان لەدوای لەدایکبوون، بەبێ بەرامبەر.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** ئافرەتی دووگیانی تووشبوو بە نەخۆشیەکی ترسناك، کە نەخۆشییەکە مەترسی ڕاستەقینە و مسۆگەربێت لەسەر ژیانی، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی نەخۆش و هاوسەرەکەی و بریاری لیژنەیەکی پسپۆڕی تایبەتمەند کە لە (٥) پێنج پزیشك کەمتر نەبێت، پشتبەست بە ئەنجامی پشکنینەکانی یەکێك لە دامەزراوە تەندروستییەکانی کەرتی گشتی، کە بیسەلمێنێت بەردەوامی دووگیانییەکەی یان لەدایکبوون دەبێتە هۆی مەترسی لەسەر گیانی خودی ئافرەتە دووگیانەکە، دەکرێت کۆرپەکەی لەبار ببرێت.

**دووەم:** جگە لە حاڵەتەکانی (لەباربردنی پزیشکی) کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە، لەباربردن بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە و بەپێی یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## بەشی سێیەم
## ئەرکەکانی نەخۆش

**ماددەی (٨):**

**یەکەم:** نەخۆش وێڕای ئەو ئەرکانەی لە یاسا بەرکارەکانی هەرێمدا هاتوون، بەم ئەرکانەی خوارەوە پابەند دەبێت:

١ـ پابەندبوون بە یاسا و ڕێنمایی و ڕێکارە ناوخۆییەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان.

٢- ڕێزگرتن لە هێزکاری تەندروستیی و دامەزراوە تەندروستییەکان، پاراستنی ئارامی و دوورکەوتنەوە لە هەڵسوکەوتی نەشیاوی ئەوتۆ کە کاریگەری هەبێت لەسەر ڕەوشی نەخۆشەکانی تر و دامەزراوەکە و هێزکاری تەندروستیی.

٣- بەدەر لە حاڵەتی لە ناکاو و مەترسیدار، جێبەجێکردنی پابەندییە داراییە ڕەزامەندی لەسەر دراوەکان، لە چوارچێوەی ڕێنماییەکان، پێش وەرگرتنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی دەبێت، بەڵام لە حاڵەتی پاشگەزبوونەوەی نەخۆش لە وەرگرتنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان تەواوی پارەکەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە.

٤- بەپێی توانا و زانیاریی بەردەست، نەخۆش پابەندی پێدانی زانیاریی دەبێت بە پزیشکی چارەسەرکار و دامەزراوەی تەندروستیی، بەپێی فۆڕمێکی زانیاری تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکرێت، سەبارەت بە نەخۆشیەکە، کێشە تەندروستییەکانی، هەنگاوەکانی پێشتری چارەسەریی و وەرگرتنی دەرمان، هەستیاریی بەرامبەر وەرگرتنی جۆرێکی دیاریکراوی دەرمان و هەر زانیاریەکی تری پێویست کە لە فۆڕمی زانیاریدا هاتبێت.

٥ـ ئەنجام نەدانی هەر کارێك کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ تەندروستیی گشتی.
٦ـ پاراستنی کەلوپەل و ئامێرەکانی دامەزراوە تەندروستییەکان.
٧ـ پابەندبوون بە بڕیاری دامەزراوەی تەندروستیی لە گواستنەوەی نەخۆشەکە بۆ دامەزراوەیەکی دیکە، بەگوێرەی ئەو پێویستییەی کە پزیشکی چارەسەرکار بڕیاری لەبارەوە دەدات.
٨ـ ڕێزگرتن لە لیستی نۆرەی نەخۆش و پابەندبوون بە شێوازی چاوەڕوانکردن بۆ ئەنجامدانی هەر خزمەتگوزاریەك لە دامەزراوە تەندروستییەکان جگە لە باری لەناکاو.
٩ـ هەڵنەگرتنی چەك و هەر ئامرازێکی بریندارکەر و مەترسیدار لەناو دامەزراوە تەندروستییەکان و کلینیکی پزیشکاندا.
١٠ـ دوورکەوتنەوە لە تۆمارکردنی ڤیدیو و فۆتۆ لەناو دامەزراوە تەندروستییەکان.
**دووەم:** سەرجەم ئەو ئەرکانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووسکراوە، هاوەڵی نەخۆش پابەند دەکات.

## بەشی چوارەم
## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی (٩):**

**یەکەم:** پێکهاتە و ئەرکەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە پەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**دووەم:** لێکۆڵینەوەکانی لیژنە بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی و سەندیکا، کۆمەڵە پەیوەندارەکان لەکاتی پێویستدا، ئەنجام دەدرێت.

**سێیەم:** لیژنە دەتوانێت بۆ خێرا یەکلاکردنەوەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە، لیژنەی لاوەکی دروست بکات لەژێر چاودێری خۆیدا، بە مەرجێك ماوەی لێکۆڵینەوە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەڕنەکات.

**ماددەی (١٠)**

لەکاتی پێشێلکردنی ئەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون، نەخۆش یان شوێنگرە یاساییەکەی مافی داواکردنی جێبەجێکردنی حوکمی ماددەی (٤)ی ئەم یاسایەی هەیە.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (١١)**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (١٢)**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (١٣)**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێت.

**ماددەی (١٤)**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە سۆنگەی ڕێزگرتن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ، بۆ پاراستنی مافی نەخۆش و دیاریکردنی ئەرکەکانی، لەپێناو فەراهەمکردنی پێویستییە تەندروستییەکانی جەستە و عەقل و دەروونی تاك و کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، کاراکردنی ڕۆڵی حکومەت و دامەزراوە تەندروستییەکان لە چاودێریکردن و گەشە پێدانی گیانی بەرپرسیارێتی، بە شێوەیەك لەگەڵ ڕەوتی سەردەم و پێشکەوتنی زانستی پزیشکی هاوچەرخدا بگونجێت، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**١٤/ ١٠ /٢٠٢٠**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٨**
**مێژووی بڕیار: ٢٠٢٠/٩/٩**

**بڕیاری**
**ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٠**

پشت بە حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٤٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ، و بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٤)ی ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٩ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق دا هاتووە ، بڕیارماندا بە :

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی لەم بەڕێزانەی خوارەوە ، بۆ بەدواداچوون لە وتەکانی سەرۆکی فراکسیۆنی جوڵانەوەی نەوەی نوێ (کاظم فاروق نامق) لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٤) ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٩ سەبارەت بەو هەڕەشانەی ئاراستەی بەرێزیان کراوە ، لەلایەن بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان :

١- اسماعیل علی طه (سەرۆکی لیژنە)
٢- بژار خالد عبدالله (ئەندام)
٣- لقمان حمد حاجی (ئەندام)
٤- ڕۆمیۆ حزیران نیسان (ئەندام)
٥- رزگار محمد محمود (ئەندام)
٦- رووپاک احمد رحمان (ئەندام)
٧- همداد صباح بلال (ئەندام)

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی لە (٢٠٢٠/٩/٩) جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د. ڕێواز فایق حسێن**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٤١٠٥ لە ٢٠٢٠/٩/٢٠**

پاڵپشت بە هەر سێ یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو و یاسای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ و یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨و ئاماژە بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (٥٠٦) لە ٢٠٢٠/٢/٢٦ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**تایبەت بە دامەزراندن لەسەر هەردوو راژەی**
**هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و راژەی شارستانی**

**ماددەی (١) :**

مەبەست لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕەخساندنی هەلی یەکسانە لەبەردەم گشت هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ کارکردن و دامەزراندن لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەسەر هەردوو میلاکی شارستانی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و دوور لە نێوەندگیری (واسطة) بەشێوەی سیستەمێکی پوختی ئەلیکترۆنی ئۆنلاین بۆ راکێشانی سەرچاوەی مرۆیی گونجاو بۆ فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتمان کە هاووڵاتی بتوانێت لە ماڵەکەی خۆیدا فۆرمی دەستکەوتنی هەلی کار پڕبکاتەوە.

**بڵاوکردنەوەی وەزیفە نوێ و بەتاڵەکان**

**ماددەی (٢):**

١- بڵاوکردنەوەی گشت وەزیفە نوێ و بەتاڵەکان لەسەر سایتی وەزارەت (moi.gov.krd) و لە دەزگاکانی دیکەی راگەیاندنی(بیستراو و بینراو و خوێندراو) بۆ ئەوەی زۆرترین هاووڵاتی ئاگادار بێت

٢- خستنەڕووی خەسڵەتاندنی کار (الوصف الوظيفي) بۆ گشت پلە وەزیفییە نوێ و بەتاڵەکان بەتایبەتی میلاکی شارستانی و گشت مەرج و پێداویستی و زانیاری و ئەو فەرمانگانەی لێی دادەمەزرێن لەسەر سایتی وەزارەت.

## لیژنەكانی دامەزراندن

**ماددەی (٣):**

**یەكەم: لیژنەی باڵای دامەزراندن**

١- لیژنەیەک لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ پێكدەهێنـدرێت لەژێـر نـاوی (لیـژنەی بـاڵای دامەزرانـدن لە وەزارەتـی نـاوخۆ) بە سـەرۆكایەتی (بەڕێـوەبەری گشـتی دیـوان) بە ئەنـدامیەتی (بەڕێـوەبەری كارگێڕی و سەرچاوەمرۆییەكان، بەڕێوەبەری هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ، بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسـایی، بەڕیـوەبەری پەیمـانگەی پەرەپێـدانی ئەمنـی و كـارگێڕی و تەكنەلۆجیـای زانیـاری، ئەندازیارێكی شارەزای بواری تەكنەلۆژیای زانیاری).

**٢- ئەركەكانی لیژنەی باڵا:**

أ- بڵاوكردنەوەی پـلە نـوێ و بەتاڵەكـانی دامەزرانـدن لە سـایتی وەزارەت و تـابلۆی ئاگادارییەكـانی فەرمانگەی سوودمەند و دەزگاكانی تری راگەیاندن.

ب- رێكخستنی فۆرمێكی ئەلیكترۆنـی ئـۆنلاین لەسـەر سـایتی وەزارەت كە وێـنەی هـاوپێچی ئەم رێنماییەیە.

ج- وەرگرتـی داواكارییەكـانی دامەزرانـدن تـا مـاوەی (١٥)رۆژ لە رۆژی بڵاوكـردنەوەی لە سـایتی وەزارەت و دەزگاكانی راگەیاندن.

د- بڵاوكردنەوەی گشت ئەو هاووڵاتییانیە فۆرمییان پێشكەش كردووە لەسەر سـایتی وەزارەت بـۆ دڵنیابوونی كەسی پێشكەشكار لە بوونی ناوەكەی.

هـ- دیاری كردنی ئەو هاووڵاتیانیەی كە دادەمەزرێن بەشێوەی تیروپشـک بەپێـی میلاكـی داواكـراو لەبەر دەم هاووڵاتیان و فەرمانگەی سوودمەند و دەزگاكانی راگەیاندن.

و- دەرچوواندنی فەرمانی وەزاری بە دامەزراندنی ناوی دەرچووان لەسەر میلاكی وەزارەتی ناوخۆ و نـاردنی بـۆ فەرمـانگەی سـوودمەند بەمەبەسـتی دەسـتبەكاربوونیان و بەدواداچـوونی ئەو زانیارییانەی لە فۆرمە ئەلیكترۆنییەكە پڕكراوەتەوە لەلایەن كەسی پێشكەشكار.

ی- بڵاوكـردنەوەی گشـت نـاوە دەرچووەكـان بـۆ دامەزرانـدن لە رێگـای تیروپشـک لە دەزگاكـانی راگەیاندن.

ر- وەرگرتنی سكاڵا و تانەی هاووڵاتیان لەكاتی دەرچوونی ناوەكانی دامەزراندن و هەبوونی بێدادی دەرهەقیان (بەشێوەی فۆرمێكی ئۆنلاین لەسەر سایتی وەزارەت).

ز- دابەشکردنی ئەو ئەفسەرە نوێیانەی کە لە کۆلیژی پۆلیس دەردەچن بەسەر دامودەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆی بەپێی پێویست و بەهەماهەنگی لەگەڵ گشت فەرمانگەکانی سوودمەند.

**دووەم : لیژنەی لاوەکی دامەزراندن**

**١-** لیژنەیەك لە هەر فەرمانگەیەکی سوودمەند پێکدەهێندرێت بەناوی (لیژنەی لاوەکی دامەزراندن) بەسەرۆکایەتی سەرۆکی فەرمانگە یان فەرمانبەرێک کە پلەی لە پلە(١)ی وەزیفی کەمتر نەبێت لە راژەی شارستانی و لە مقدم کەمتر نەبێت لە ڕاژەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئەندامیەتی (بەڕێوەبەری کارگێڕی و خۆیەتی، بەڕێوەبەری پلاندانان، بەڕێوەبەری یاسایی، بەڕێوەبەری تەکنەلۆجیای زانیاری یان شارەزایەکی بواری تەکنەلۆجیای زانیاری)

**٢- ئەرکەکانی لیژنەی لاوەکی:**

أ- وەرگرتنی فەرمانی وەزاری دامەزراندن و لیستی ناوی دامەزرێندراوەکان لە لیژنەی باڵا.

ب- بەدواداچوونی راستی و دروستی ئەو زانیارییانەی کە لەلایەن کەسی دامەزرێندراو پڕکراوەتەوە.

ج- جێبەجێکردنی رێککارەکانی تر و مەرجەکانی دامەزراندن کە هاتووە لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو و یاسای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ و یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە(٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨.

د- بەرزرکردنەوەی پێشنیارو ڕاسپاردە بۆ لیژنەی باڵا .

## رێککارەکانی پێشکەشکردنی فۆرمی ئۆنلاین

**ماددەی (٤):**

١- بڵاوکردنەوەی گشت پلە وەزیفییە نوێ و بەتاڵەکان وەکو لە ماددەی دووەمی ئەم رێنماییە هاتووە.

٢- ئاگاداربوون و تێڕامانی کەسی پێشکەشکار بەگشت زانیارییەکانی ئەو پلە نوێ یان بەتاڵەی کە بۆی دەشێت.

٣-پڕکردنەوەی فۆرمی ئۆنلاینی تایبەت بە دامەزراندن بەشێوەی ئۆنلاین و پێدانی زانیاری راست و دروست لەلایەن کەسی پێشکەشکار کە کۆپی (وێنەی کەسی، ناسنامە و رەگەزنامەی عێراقی یان کارتی نیشتیمانی، کارتی زانیاری، بڕوانامە) بەشێوەی سکان لەگەڵ فۆرمەکە هاوپێچ بکات.

٤- تەنیا یەک جار فۆرم پێشکەش دەکرێت لەلایەن یەک کەسەوە ئەگەر یەکێک لە جارێک زیاتر فۆرمی پێشکەش کرد ئەوا مافی دامەزراندنی دەسووتێت..

٥-لە حاڵەتی پێدانی زانیاری نادروست لەلایەن کەسی پێشکەشکار ئەوا فۆرمەکەی پشتگوێ دەخرێت و فەرمانی دامەزراندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

٦-لەکاتی نەبوونی یەکێک لە مەرجەکانی دامەزراندن کە هاتووە لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو و یاسای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ و یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ ، ئەوا فەرمانی دامەزراندنەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە و کەسێکی دیکە بە شێوەی تیروپشک لەلایەن لیژنەی باڵا دادەندرێت لە شوێنەکەی.

٧- فەرمانبەرانی گرێبەست کە لە ئێستادا لە ئەرکن لە فەرمانگەکان بە فەرمانبەری هەمیشەیی بەبێ تیروپشک دادەمەزرێندرێن بەپێی پسپۆری و پلەی نوێ یان بەتاڵ.

٨- تەرخانکردنی رێژەی (١٥٪)ی پلەکانی دامەزراندن بۆ کەسو کاری شەهیدان (پلەی یەکەم و دووەم) و (٥٪) بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت ئەوانەی توانای بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕییەکانیان هەیە لەسەر میلاکی شارستانی، ئەگەر ژمارەی پێشکەشکارانی کەسوکاری شەهید و خاوەن پێداویستی تایبەت، لە سنوری ئەم رێژەیە کەمتر یان یەکسان بوو ئەوا راستەوخۆ بەبێ تیروپشک دادەمەزرێن بەڵام ئەگەر لەم رێژەیە زیاتر بوو ئەوا بەشێوەی تیروپشک دەبێت.

٩-ئەو پێشکەشکارانەی کە ناویان دەرناچێت وەکو یەدەک دەمێننەوە بۆ داهاتوو تیروپشکیان بۆ دەکرێت لەکاتی هەبوونی پلەی نوێ یان بەتاڵ کە لە داهاتوو دێنەکایەوە.

## مەرجەکانی دامەزراندن

**ماددەی (٥) :**

**یەکەم**: مەرجەکانی دامەزراندن لە میلاکی راژەی شارستانی (بەپێی ماددەی حەفتەم لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو)

١ - عێراقی بێت یان ڕەگەزنامەی وەرگرتبێت کە بە لایەنی کەمەوە (٥) ساڵ بەسەر وەرگرتنی ڕەگەزنامە عێراقییەکەیدا تێپەر بووبێت.

٢ - تەمەنی (١٨) ساڵی تەواو کرد بێت.

٣ - له‌ پشــكنينی پزيشــكی دەربچێــت و ســاغ و ســەلامەت بێــت له‌ نەخۆشــییە درمەكــان و لەو نەخۆشیانەی نیشانەكانی لەش و بیر و هۆشی ڕێگربێت لە بەجێ گەیاندنی وەزیفەیەكی دیاریكراو بەپێی بڕیارێک که‌ له‌ لایەن دەسەڵاتدارانی پزیشكی پسپۆرەوە.

٤ - خوو و رەوشتی باش بێت و بەهیچ تاوانێكی سیاسی یان كەتنێكی ئابڕووبەر و ساختەكردن وەک دزی و بردنی ماڵی دەوڵەت و (اختلاس) و ساختەكاری و فێڵ كردن و تۆمەتبار نەبێت..

٥ - بڕوانـامەیەكی خوێنـدنی بـاوەڕ پێكـراوی هەبێـت بـۆ ئەو وەزیفـانەی پێویسـتیان بە بڕوانـامەی خوێندن هەیە.

٦- ئەوانەی خاوەن هیچ بڕوانامەیەكی خوێندن نین بەشێوەی فەرمانبەر و بەناونیشانی دیاری كراوی وەزیفی دادەمەزرێندرێن.

٧-شوێنی نیشتەجێبوونی هەرێمی كوردستان بێت.

**دووەم**: مەرجەكانی دامەزراندن له‌ میلاكی راژەی هێزەكـانی ئاسایشـی نـاوخۆ (بەپێـی مـاددەی (١٩)له‌ یاسای راژەی و خانەنشینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١):

١- ڕەگەزنامەی عێراقی بێت لەدایكبووبێت له‌ دایک و باوكێكی عێراقی.

٢-نابێـت تەمەنـی له‌ (١٨)سـاڵ كەمتـر بێـت و له‌ (٣٥)سـاڵ زیـاتر بێـت بـۆ پلەبەنـدییە هونەرییەكـان (الصنون الفنية)وتەمەنی لە (١٧)ساڵ كەمتر نەبێت ولە(٣٥)ساڵ زیاتر نەبێت بۆ پلەبەندییەكانی تر.

٣-خاوەن خوورەوشت و رەوشت و ناوبانگ و هەڵسوكەوتێكی باش بێت.

٤-هەبـوونی گشـت مەرجەكـانی (اللياقـة البدنيـة) و سـەلامەتی تەندروسـتی (پشـكنینی خـوێن بـۆ نەبـوونی نەخۆشـییەكانی شـەكرە و فشـاری خـوێن و نەخۆشـییە گوازراوەكـانی وەک (ئایـدز)، هەوكردنـی ڤایرۆسـی جگەر، سـیل و التـدرن و نەخۆشـییەكانی ئێسـک و جومگەكـان و مێشـک و دەروونی و هەر پشكنینێكی تر كە لیژنەی پزیشكی بە پەسەندی بزانێت).

٥- حوكم نەدرا بێت بەهیچ تاوانێكی ناسیاسی یان كەتنێكی ئابڕووبەر یـان تـاوانێكی تیرۆریسـتی و تاوانەكانی لەكەداركردنی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەكی هەرێمی كوردستان .

٦-بەلایەنی كەم دەرچووی سێی ناوەندی بەسـەرەوە بێـت كە پەسـەندكراو بێـت لەلایەن پەروەردەی تایبەتمەند.

٧-درێژی باڵای لە (١٧٠سم) بۆ پیاوان و (١٦٠ سم) بۆ ئافرەتان كەمتر نەبێت بەپێی راپـۆرتی پزیشـكی پەسەندكراو.

٨- هـیچ تێبینییەكـی لەسـەر نەبێـت لە رووی ئەمنـیەوە بەنووسـراوێک لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی ئاسایشی تایبەتمەندەوە.

**لەجێدانان و دوورخستنەوە (نشر و فصل)**

**ماددەی (٦) :**

١- دوورخستنەوە و لەجێدانان تەنیا کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانبەرانی گرێبەستی شارستانی دەگرێتەوە.

٢- دوورخستنەوە ئەو کارمەندانەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانبەرانی گرێبەستی شارستانی دەگرێتەوە کە بەئارەزووی خۆیان و بەداواکاری فەرمی داوای وازهێنان دەکەن بەرەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ یان بەهۆی کەمتەرخەمییان لە کارەکانیان و سەرپێچی یاسایی لە کارەکانیان دوور دەخرێنەوە بەپێی رێککارەکانی هاتوو لە یاسا و رێنماییە کارپێکراوەکان.

٣- مانگانە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی وەزارەتی ناوخۆ لیستێک بە ئامار و ناوی فەرمانگەی ئەو کارمەندانەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانبەری گرێبەستی شارستانی کە لە کارەکانیان بەئارەزووی خۆیان وازدەهێنن یان دوور دەخرێنەوە بەهەر هۆیەک بێت بەرزدەکرێتەوە بۆ لیژنەی باڵای دامەزراندن لە وەزارەتی ناوخۆ، بۆ ئەوەی بەهەمان ژمارە میلاک پلەکان بڵاوبکرێنەوە لە سایتی وەزارەت و دەزگاکانی راگەیاندن بۆ پێشکەشکردنی داواکاری دامەزراندن بۆ ئەم پلە نوێیە یان بەتاڵانە لەلایەن هاووڵاتیان و دەرچوونی فەرمانی وەزاری بۆ دامەزراندن بەهەمان مەرج و رێککارەکانی ماددەکانی ئەم رێنماییە.

٤-لەکاتی بەرزکردنەوەی وازهێنان یان دوورخستنەوەی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانبەری گرێبەستی شارستانی لە کارەکانیان بەهیچ شێوەیەک نابێت ناوی یەکێکی تر واتە (بەدیل) بەرزبکرێتەوە تەنیا نووسراوی دوورخستنەوەکە (کە پێویستە کۆنووسی ئەنجوومەن و لیژنەی لێکۆڵینەوە هاوپێچ بکرێت) یان وازهێنانە ئارەزوومەندانەکە (داواکاری کارمەندەکە بە وازهێنان بە شێوەی دەسوخەت و ژمارەی مۆبایل هاوپێچ بکرێت).

**ماددەی (٧) :**

کار بەهیچ بڕیار و فەرمان و بەیان و رێنماییەك ناکرێت ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم رێنماییە.

**ماددەی (٨) :**

ئەم رێنماییە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)کاری پێدەکرێت .

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

## فۆرمی دامەزراندن

| ناوی چواری | | | | ڕەگەز | | ڕۆژی لەدایک بوون | تەمەن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | نێر | مێ | | |
| | | | | | | | |

| باری کۆمەڵایەتی | | ژمارەی مۆبایل | ئیمێل | ژمارەی پێناسی باری شارستانی یان کارتی نیشتمانی | |
|---|---|---|---|---|---|
| سەڵت | خێزاندار | | | شوێنی دەرچوون | |
| | | | | | |

| شوێنی نیشتەجێ بوون | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگا | قەزا | ناحیە | کۆمەڵگا | گەڕەک | گوند |
| | | | | | |

| زانیاری لەسەر ئاستی خوێندن | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆلیژ | | پەیمانگا | | ئامادەیی | ناوەندی | ئاستی دەرچوون | | | | | تێکرای نمرەی دەرچوون |
| کۆلیژی | | پەیمانگای | | | | نایاب | زۆرباش | باش | ناوەند | پەسەند | % |
| بەش | | بەش | | | | | | | | | |

| زانیاری لەسەر کاری گرێبەست | | | |
|---|---|---|---|
| ئایا ئێستا کار دەکەیت لەکەرتی گشتی (حکومی) بەشێوازی گرێبەستی فەرمی ؟ | | شوێنی کارکردن | جۆری کارکردن |
| بەلێ | نەخێر | | |
| | | | |

| زانیاری لەسەر شەهیدان | | | |
|---|---|---|---|
| ئایا کەسی پلە یەک (دایک،باوک،کور،کچ،ژن،مێرد) شەهیدت هەیە؟ | | ئایا کەسی پلە دوو (برا،خوشک،باپیر،داپیر،کوری برا،کچی برا) شەهیدت هەیە؟ | |
| بەلێ | نەخێر | بەلێ | نەخێر |
| | | | |

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٦٠٢٠ لە ٢٠٢٠/٩/٢٨**

## ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٠
## تایبەت بە میراتگری زیندانی سیاسی

بەپێی ماددەی (٢) بڕگەی (چوارەم) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ و ماددەی (٦) لە بەشی دووەم لە پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی وە ئاماژە بە کۆبوونەوەی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوەی ڕێنمایی دارایی لە ڕێکەوتی ٦/٢١/ ٢٠٢٠ بڕیاردرا بە:-

١- لەکاتی مردنی زیندانیکراو و گیراوی سیاسی بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێمی کوردستان مامەڵە لەگەڵ میراتگرەکانیان دەکرێت .

٢- ئەم ڕێنماییە لە ٢٠٢٠/٧/١ جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٦٠٢١ لە ٢٠٢٠/٩/٢٨**

پاڵپشت بە ماددەی (٢) بڕگەی (٥) لەیاسای چاکسازی لەمووچە ودەرماڵە بەخشین و ئیمتیازاتەکانی خانەنشینی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ و ماددەی (٧) ئاماژەپێکراو لە بەشی دووەم بڕگەی یەکەم لە پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی وە ئاماژە بەکۆبوونەوەی لیژنەی دەرکردن و پێداچوونەوەی ڕێنمایی دارایی لەرێکەوتی ٦/٢١/ ٢٠٢٠ بڕیاردرا بە:-

**ڕێنمایی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی**

**یەکەم : خزمەتگوزاری خوێندن :-**

١- خزمەتگوزاری کرێی خوێندن تەنها (کچ ، کور ، هاوسەر کە هاوسەرگیری نەکردۆتەوە)ی شەهیدانی سەنگەر و جینۆساید لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان خەرج دەکرێت .

٢- وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان لەڕێگەی وەزارەتی دارایی وئابووری، بۆ هەر ساڵێکی خوێندن لە قوتابخانە وپەیمانگا وزانکۆ حکومی وئەهلییەکان کرێی خوێندن دەگرێتە ئەستۆ .

٣- وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار بەپێی یاسا و رێنماییەکانی (وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ) و (وەزارەتی پەروەردە)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت .

٤- دوو جار کرێی خوێندن بۆ هەمان قۆناغی خوێندن خەرج ناکرێت ، بەهۆی ( دواخستن ، مۆڵەت ، گواستنەوە ، دەرنەچوون ) .

٥- قوتابی و خوێندکار زیاتر لە جارێک سوودمەند نابێت لە کرێی خوێندن لە پەیمانگا وزانکۆ حکومی و ئەهلییەکان ، تەنها لەحالەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر کرێی خوێندنی بۆ خەرج دەکرێت .

٦- قوتابی خوێندکار لەهەر قۆناغێکی خوێندن دەربکرێت (فصل) بەپێی رێنماییەکانی (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) و ( وەزارەتی پەروەردە) لە قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆیەکی تر وەربگیرێتەوە ئەوا کرێی خوێندنی قۆناغەکانی پێش دەرکردنی بۆ خەرج ناکرێت .

٧- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەرپرس نییە لەو خەرجییەی لەلایەن هەر قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆیەکەوە لە قوتابی و خوێندکار وەردەگیرێت لەبڕی تاقیکردنەوەی خولی دووەم .

٨- یەکەمەکانی قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان کە بەپێی یاساکان و ڕێنماییەکانی ( وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژنەوەی زانستی ) و (وەزارەتی پەروەردە) لەکرێی خوێندن دەبەخشرێن ، کرێی خوێندنەکە دەگەرێتەوە بۆ قوتابی و خوێندکارە یەکەمەکان .

٩- هەر قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆیەک خوێندنی بێ بەرامبەری بۆ کەس وکاری شەهیدان دابینکرد ، ئەگەر قوتابی و خوێندکارەکە یەکەم بوو وەک خاڵی هەشتەم مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت .

١٠-زیندانی کراو و گیراوی سیاسی (ئەوەی مینحەی مانگانە وەردەگرێت) ، بەهەمان ڕێنمایی (کچ و کور)ی شەهیدان کرێی خوێندنی بۆ خەرج دەکرێت بۆ خۆی یان یەکێک لە منداڵەکانی بۆ یەکجار تەنها لەیەکێک لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی پێنجەم ماددەی (٦) بەشی سێیەم لە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١١ ( یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ) هەموارکراو .

١١- بەپشت بەستن بەبڕگەی (دووەم) لەماددەی (٧)ی پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەشێوەیەکی بەردەوام زانیاری تەواو و باوەڕپێکراو ئامادە دەکات بۆ هەماهەنگی کردن لە نێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ داڕشتنی پلان و خەرجییەکانی ساڵانە .

١٢- بەپشت بەستن بەبڕگەی (سێیەم) لەماددەی (٧)ی پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاری کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان هەماهەنگی دەکات لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان لە وەزارەتی دارایی وئابووری بۆ ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردن و خەرجییەکان .

١٣- پێشکەشکردنی پسوولەی خەرجی خوێندن لەدەستپێکی ساڵی خوێندن تا ماوەی شەش مانگ دەبێت .

١٤- ئەو کورسیانەی خوێندنی خۆرایی کە لەلایەن دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ی وەزارەتی پەروەردە بۆ کچ و کوڕ و هاوسەری شەهیدان تەرخان دەکرێت ، وەک تەرخانکراوی تایبەتی ئەو دامەزراوانە لەم ڕێنماییە بەدەردەبن .

**دووەم : خزمەتگوزاری تەندروستی :-**

١- کەس و کاری شەهیدان (دایک ، باوک ، هاوسەر ، کچ ، کوڕ ، خوشک ، برا ) لە کرێی پشکنین و چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە و مەڵبەندە تەندروستیەکانی حکومەت لەناو هەرێم دەبوردرێن .

٢- زیندانی کراو و گیراوی سیاسی (ئەوەی مینحەی مانگانە وەردەگرێت) حکومەت خەرجی چارەسەرکردنی خۆی لە نەخۆشخانە حکومییەکانی ناو هەرێم دابین دەکات ، لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی شەشەم ماددەی (٦) بەشی سێیەم لە یاسای ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠١١ ( یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانی کراو و گیراوی سیاسی کوردستانی ) هەموارکراو .

٣- بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی کە پێویستی بەچارەسەری بەردەوام هەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی دەفتەری تایبەت لە ڕێگەی (وەزارەتی تەندروستی) یەوە بەبێ بەرامبەر چارەسەر و دەرمانی بۆ دابین دەکرێت .

٤- ئەم ڕێنماییە ساڵی (٢٠٢٠- ٢٠٢١)بە دواوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## بەیان

پشت بەحوکمی ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ (یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی – وەقایعی کوردستان) و ، لەبەر بوونی هەڵەیەک لە دەقی عەرەبی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٩ (یاسای رێکخستنی ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق) ، بەپێویست زانرا هەڵەکە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕاست بکرێتەوە.

- گۆڕینی ووشەی (**الدعاية**) لەناونیشانی یاساکە و لە هەر شوێنێکی یاساکەدا هاتووە بۆ ووشەی (**الأعلان**).

**منى نبى قهوچى**
**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە : ٢٠٥٩ لە ٢٠٢٠/٩/١٧**

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧وە یاسای جێبەجێ کردن ژمارە (٤٥) ساڵی ١٩٨٠ لەبەر زۆری دۆسیەکانی جێبەجێ کردن کە لە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر دایە و کاریگەرە لەسەر پەککەوتن و دواکەوتنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگاکان و دکیۆمێنتەکانی جێبەجێ کردن وە بۆ پاراستنی مافی حکومەت و هاوڵاتیان بڕیارماندا بە :

- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی دووەم لە ناوەندی پارێزگای هەولێر بۆ ڕاییکردنی ئەم مامەڵانەی خوارەوە :

١- یاسای ( تحصيل الديون الحكومية ) بەپێی یاسای ژمارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٧٧ هەمووارکراو.
٢- حوکمی بیانیەکان کە شایانی جێبەجێکردنن لە عێراق بەپێی یاسای جێبەجێ کردنی ( الأحكام الاجنبية ) ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٢٨ لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان کە لە عێراق کاریان پێدەکرێت .
٣- بڕیارەکانی دادگاکانی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و دکیۆمێنتەکانی جێبەجێ کردن کە بەپێی یاسای جێبەجێکردن ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٠ ئاراستەی بکرێت .
٤- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیـــری داد**

**وەزارەتی داد**

**ژمارە : ٢١٠٣ لە ٢٠٢٠/٩/٢٣**

## بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی ( ٩ ) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە ( ١٣ )ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەسەر راسپاردەی دەستەی چاودێری دارایی ، بڕیارماندا بە :

- کردنەوەی یەکەی میلاکات لە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی .
- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**فەرسەت احمد عبدالله**

**وەزیـــری داد**

---

**وەزارەتی داد**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە**

**ژمارە : ١٧٦٦ لە ٢٠٢٠/٩/٨**

## بەیان

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی (٣٧) لە یاسای تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو ، ئاگاداری سەرجەم هاووڵاتیان دەکەینەوە کەوا لیژنەی (تحریر تمهیدی) پێکهاتووە بەپێی فەرمانی کارگێریمان ژمارە (٣٠) لە ٢٠٢٠/١/٨ و پاڵپشت بە بەیانی وەزیری داد ژمارە (١٠٧١/٢٠) لە ٢٠١٩/١٢/١٧ دەست بەکاردەبن بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تۆماری ئەو موڵکانەی کە دەکەونە سنووری موڵکەکانی ژمارە (١و٢ کەرتی ٦٣ بیارە) ، بۆیە داوا دەکەین خاوەن موڵک و کەسانی پەیوەندیدار بە موڵکەکانی ئەم پارچانە هەر بەڵگەیەک (مستمسکات) هەیانە تایبەت بەموڵکەکانیان پێشکەشی لیژنەی ناوبراو بکەن لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی هەڵەبجە لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د.لقمان عمر حسين**

**بەڕێوەبەری گشتی**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٢٧٩٦ لە ٢٠٢٠/٩/٦**

ئاماژە بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە (٤٩)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**پێدانی دەسەڵات بە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ**

**ماددەی (١) :** پێدانی ئەم دەسەڵاتانەی لە خوارەوە دیارکراون بە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ ساڵی ٢٠٢٠:

١- پێدانی موڵەتی ئاسایی بە ئەفسەران لە پلەی (عمید) بو ماوەی (٣٠) رۆژ بۆ ناوەوە و دەرەوەی هەرێم وعێراق.

٢- ئیفاد کردنی ئەفسەران وکارمەندان بو ناو هەرێم وعێراق بو ماوەی (٣٠)رۆژ .

٣- پێدانی سەرمووچەی ساڵانە بە ئەفسەران بۆ پلەی (عمید) .

٤- خەرجکردنی بڕی پارەی مۆلەتی کۆکراوە (بدل إجازە المتراكمە) بۆ ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بەپێی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١.

٥- خەرجکردن و نویٚ کردنەوەی دەرماڵەی بڕوانامە و مەترسی و ژن و منداڵ و خواردن بۆ گشت ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت .بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی و یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١.

٦- خەرجکردن و نویٚ کردنەوەی دەرماڵەی پایە بۆ ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی و یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١.

٧- سەرۆکایەتی کردنی هەردوو لیژنەی پلە بەرز کردنەوە و (غبن) لە دیوانی وەزارەت.

٨- پێدانی مۆلەت بۆ گشت ئەفسەران و کارمەندانی ئافرەت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بۆ ماوەی (٢١) ڕۆژ پێش لە دایك بوون و (٥١) رۆژ دوای لە دایك بوون و مۆلەتی دایکایەتی بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی ڕێنمایی دارایی و بەپێی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١.

٩- ناردنی دۆسیەی کەسێتی و بروانامەی دوا مووچەی ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت لە کاتی گواستنەوەیان.

١٠- پچڕانی پەیوەندی ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت لە حاڵەتی مردن یان شەهید بوون بەپێی یاسا.

١١- پێدانی سەرمووچەی ساڵانە بە ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بەپێی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ساڵی ٢٠١١ .

١٢- ناردنی ئەفسەران و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەت بۆ لیژنەی پزیشکی لە کاتی پێویست.

١٣- سەردانی کردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر بە شێوەی نووسراو کە تێدا ئامانجی سەردانی کردنی دیاری کرابێت.

١٤-ئاراستەکردنی نوسراوە تایبەتەکان بە هێزەکانی ناوخۆ بۆ هەموو دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێم ،جگە لە دەزگاکانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری و دەستە سەربەخۆکان و باڵیوزخانە و کونسولگەریە گشتییەکان لە عێراق و هەرێم.

**ماددەی** (٢) **:** کار بە هیچ نوسراو و ڕێنماییەك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم بەیانە.

**ماددەی** (٣) **:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

**ڕێبەر احمد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٢٧٩٧ لە ٢٠٢٠/٩/٦**

ئاماژە بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**پێدانی دەسەڵات بە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کارگێری گشتی**

**ماددەی (١) :** پێدانی ئەم دەسەڵاتانەی کە لە خوارەوە دیارکراون بە بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری کارگێری گشتی بۆ ساڵی ٢٠٢٠:

١- پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بە فەرمانبەرانی پلە تایبەت بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ بە مووچەی تەواو بۆ ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

٢- پێدانی مۆڵەتی ئاسایی بە فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەت تا (١٢٠) رۆژ بە مووچەی تەواو بۆ ناوەوە و دەرەوەی هەرێم.

٣- شاند کردنی فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەت تا پلە (١) بۆ ناو هەرێم و عێراق بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ.

٤- شاند کردنی فەرمانبەرانی پلە تایبەت بۆ ناو هەرێم و عێراق بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ.

٥- پێدانی سەرمووچەی ساڵانە بە فەرمانبەرانی پلە تایبەت.

٦- پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەت بەپێی رێنماییەکان

٧- پێدانی سەرمووچە بۆ گشت فەرمانبەرانی دیوان لە پلە (١ تا ١٠).

٨- پەسەندکردنی تۆمارکردنی هاوسەرگیری بیانی (زواج اجنبی).

٩- دەست نیشانکردنی نوێنەری وەزارەت بۆ دادگا شارستانیەکان جگە لە دادگای ئیداری.

١٠-کۆتایی هێنان بە ڕاژەی فەرمانبەران بەپێی یاسا و رێنماییەکان تا پلە (١/داخل).

١١-ترقین قید کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کۆچی دوایی دەکات.

١٢- جێگیرکردنی فەرمانبەران لە ڕاژە دوای تەواو کردنی ماوەی تاقیکردنەوە.

١٣- جێگیر کردنی تەمەنی فەرمانبەرانی دیوانی وەزارەت.

١٤- سەردانی کردنی یەکە کارگێرییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر بە شێوەی نووسراو کە تێدا ئامانجی سەردانی کردنی دیاری کرابێت.

١٥- ئاراستە کردنی نوسراو بۆ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان ، جگە لە دەزگاکانی سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری و دەستە سەربەخۆکان و باڵیوزخانە و کونسولگەریە گشتییەکان لە عێراق و هەرێم.

**ماددەی (٢) :** کاربەهیچ رێنمایی و نوسراوێك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم بەیانە.

**ماددەی (٣) :** ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی(وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**رێبەر احمد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٤٠٢١ لە ٢٠٢٠/٩/٢٠**

**بەیانی ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**گۆڕینی ناوی گوندی (بەگی) بۆ (داناى حاجی صالح)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بەبڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ تایبەت بەپێشنیاریان بە گۆڕینی ناوی گوندی (بەگی) بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە :-

**یەکەم :** گۆڕینی ناوی گوندی (بەگی) بۆ ناوی گوندی (داناى حاجی صالح) لە سنوری ناحیەی بەکرەجۆ / قەزای مەڵبەندی سلێمانی / پارێزگای سلێمانی .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر احمد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٣ لە ٢٠٢٠/٨/٢٦**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (حەوتەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

- هێنانە کایەی (استحداث)ی کردنی خانەی (ماڵی بەساڵاچووانی پەککەوتە) لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی / بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی بەسەڵاچووانی پەککەوتە لەپارێزگای سلێمانی و دەوروبەری .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە :٤٥٥٠ لە ٢٠٢٠/١٠/٥**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ماددەی (٢٠) لە یاسای خانووبەرە ژمارە (١٦٢)ی ساڵی (١٩٥٩)ی هەمموارکراو بەیاسایی ژمارە (٢٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) هەرێمی کوردستان وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی (دیوانی باجی خانووبەرە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی گیر و گرفت و کیشەکانی نێوان خاوەن موڵک و کرێچی.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی پەروەردە**
**ژمارە : ١٠١٨٤ لە ٢٠٢٠/١٠/٥**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

پاڵپشت بە ماددەی (٢)ی یاسایی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو بڕیاردرا بە

- وەرگرتنی ڕسومات لە قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان کە لە پێشووتردا مۆڵەتیان وەرگرتووە ، وە بەدەر بکرێن لە ڕێنمایی نوێی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان ، تەنها بۆ ئەم ساڵی خوێندن بە پێی مادده (٦٤) لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦ قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت تایبەت بە ڕسومات.

**ئالان حمە سعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

**بەیانی**

**ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی (تەندروستی سید صادق) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٨.

**بەیانی**

**ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی بنکەی (تەندروستی ژیانی نوێ) بۆ پشکنینی هاوسەریەتی لەبەرێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١٦.

**بەیانی**

**ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

- کردنەوەی بنکەی (تەندروستی بەردە ڕەشی نوێ بۆ چاودێری تەندروستی سەرەتایی) لە بەردەڕەش سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .

-ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/٢٣.

**د.سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

## قرار
## رقم (٨) لسنة ٢٠٢٠

وفقا للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الاولى) من المادة ( العاشرة) لقانون رئاسة إقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل، وبناءا على ما شرعه برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقم (٥) بتاريخ ٢٠٢٠\٩\١٥ ، قررنا إصدار :

## القانون رقم (٤) لسنة ٢٠٢٠
## قانون حقوق وواجبات المريض في إقليم كوردستان - العراق

### الفصل الأول
### التعاريف والأهداف

**المادة (١):**

يقصد بالألفاظ والعبارات الآتية المعاني المبينة إزاء كل منها لأغراض أحكام هذا القانون:-

**أولاً: الإقليم**: إقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً: مجلس الوزراء**: مجلس وزراء إقليم كوردستان ـ العراق.

**ثالثاً: الوزارة**: وزارة الصحة في إقليم كوردستان ـ العراق.

**رابعاً: الوزير**: وزير الصحة في إقليم كوردستان ـ العراق.

**خامساً: المؤسسة الصحية**: جميع الأماكن التي تقدم الخدمات الصحية للمريض، سواء في القطاع العام أو الخاص.

**سادساً: الخدمات الصحية**: تشمل كل إجراء وقائي وعلاجي صحي أو طبي، والفحص المختبري أو الإشعاعي أو السريري، الجراحة، الولادة، التلقيح، الأدوية، الرقود في المستشفى ومستلزمات العلاج الأخرى للمرضى والمواطنين.

**سابعاً: المريض**: كل إنسان بحاجة إلى خدمة صحية.

**ثامناً: المرض**: كل اختلال جسدي أو عقلي أو نفسي له أعراض وتخل بصحة الإنسان.

**تاسعاً: مُرافِق المريض**: كل شخص مخول بالتوقيع نيابة عن المريض بحكم القانون أو درجة القرابة، في حالة عدم قدرة المريض على التوقيع بسبب شدة مرضه أو صغر سنه.

**عاشراً: المضاعفات الاعتيادية**: المضاعفات التي يمكن أن تحدث أثناء أو بعد العلاج والواردة في السجلات الطبية، ولا تدخل ضمن دائرة الخطأ الطبي.

**حادي عشر: الخطأ الطبـي**: المضاعفات غير المرغوبة فيها، الناجمة عن أي تقصير مهنـي أو تقنـي أو عدم خبرة أو إهمال، والذي لا يتفق مع قواعد ممارسـة مهنـة الطـب والعـلاج، ويكـون سـبباً لإلحاق الضرر أو ظهور عاهة أو موت المريض.

**ثاني عشر: قواعد المهنة**: قواعد ممارسة العمل العلاجي الطبي والصحي النافذة في الإقليم.

**ثالث عشـر: قـوى العمـل الصـحي**: كـل شـخص يمـارس المهـن الطبيـة والصـحية بموجـب القـوانين النافذة.

**رابع عشر: لجنة التحقيق**: لجنة مهنية في الوزارة، تقوم بالتحقيق في المشاكل والقضايا الناجمة عن الخطأ الطبي والصحي.

**المادة (٢):**

**يهدف هذا القانون الى ما يأتي:-**

**أولاً:** حماية الصحة العامة من خلال حماية حقوق المريض وتحديد واجباته.

**ثانياً:** حماية الحقوق الأساسية لمواطني الإقليم في التمتع بأفضل الخدمات الصحية.

**ثالثاً:** صون كرامة وسلامة وأسرار المريض ورفع مستوى تمتعه بالخدمات الصحية في المؤسسات الصحية.

**رابعاً:** رفع مستوى الوعي لدى المريض حول حقوقه وواجباته في المؤسسات الصحية.

**خامساً:** تقليص نسب الوفاة والإعاقة والأضرار الصحية.

**سادساً:** تعزيز الثقة بين المريض وقوى العمل الصحي في المؤسسات الصحية.

## الفصل الثاني
## حقوق المريض

**المادة (٣) :**

فضلاً عن جميع الحقوق الـواردة فـي القـوانين النافـذة فـي الإقلـيم، يتمتـع المـريض فـي أي مؤسسـة صحية بالحقوق الآتية:-

**أولاً:** التعامل بذات المعايير ودون تمييز مع جميع المرضى بصورة متساوية وعادلة، دون اعتبار لأي تمييز اجتماعي، جنسي، قومي، سياسي، ديني، جنسـية المـريض أو أي سـبب آخـر، مـع الأخـذ بنظر الاعتبار الحالات المستعجلة وحالة الأشخاص ذوي الاحتياجات الخاصة.

**ثانياً:** توفير الأجهزة ومختبرات الفحـص والعلاجـات المتـوفرة بالشـكل الـذي يـتلاءم مـع المعـايير العلمية الطبية.

**ثالثاً:** تأمين الاستقبال والفحص وأماكن الرقود بصورة تحافظ على كرامة والشخصية المريض.

**رابعاً:** المحافظة على خصوصيات الحالة الصحية أو الشخصية، عدا الحالات المحددة في القانون أو بناءً على طلب المحكمة، أو التي تشكل خطراً على الصحة العامة.

**خامساً:**

١- الحصول على المعلومات الوافية من الطبيب المعالج والمؤسسة الصحية حول كامل المصاريف المالية للفحص والعلاج، ومعرفة الخطة العلاجية وبدائلها واحتمالات المضاعفات، بلغة سهلة ومفهومة، مع الأخذ بنظر الاعتبار الحالة الخطرة للمريض وحالات الطوارئ والمستعجله.

٢- الإطلاع على ملفه الطبي والحصول على نسخة منه بناءً على طلبه، وتسلم تقرير طبي عن الحالة الصحية للمريض عند الاقتضاء دون أي مقابل.

**سادساً:** رفض أي خدمة طبية أو علاج معين على مسؤوليته الشخصية، بعد أن يتم إعلام المريض بعواقبه، بشرط أن لا يؤدي رفض العلاج أو وقفه إلى وفاة المريض أو الإضرار بالصحة العامة، وأن يكون المريض قد أكمل (١٨) الثامنة عشرة من العمر وقادراً على التعبير عن إرادته.

**سابعاً:** اتخاذ القرار والموافقة الخطية المسبقة أو موافقة مرافق المريض على إجراء أية عملية جراحية أو تخدير عدا حالات الطوارئ والحوادث.

**ثامناً:** على الطبيب في حالات الطوارئ ومن أجل إنقاذ الحياة إقرار نوع العلاج للمرضى أدناه دون الرجوع إلى مرافقه:-

١- فاقد الوعي.

٢- المتخلف عقلياً.

٣- من ليس له أحد.

٤- عندما يحاول المريض إلحاق الضرر بحياته أو بحياة شخص آخر.

٥- المريض النفسي الذي لا يقدر على اتخاذ القرار في تلك الحالات.

**تاسعاً:** لا يعرض المريض في وسائل الإعلام والشبكات الاجتماعية إلا بموافقته أو موافقة مرافقه.

**عاشراً:** المشاركة من عدمها في أي نوع من الدراسات الطبية والبحوث العلمية، وللمريض في أي وقت يشاء الانسحاب منها.

**حادي عشر:** استشارة طبيب أو مؤسسة صحية أخرى حول مرضه، وفي هذه الحالة على الطبيب أو المؤسسة الصحية الأولى، تزويد المريض دون مقابل بتقرير طبي كامل حول مرضه وما تمت متابعته على سبيل التوضيح للطبيب الثاني.

**ثاني عشر:** إجراء الفحص والعلاج له على انفراد وتخصيص الوقت اللازم لذلك، ولا يمنع هذا أن يرافق المريض بموافقته شخص آخر.

**ثالث عشر:** تأمين الخدمات الصحية في المؤسسات الصحية للقطاع العام دون مقابل.

**رابع عشر:** مراعاة الحالة النفسية للمريض.

**خامس عشر:** يجب أن لا يؤثر حدوث المشاكل أو الصدام بين المريض أو مرافقه من جانب، وقوى العمل الصحي أو إدارة المؤسسة الصحية من جانب آخر، على عملية علاج المريض.

**سادس عشر:** توفير الغذاء اللازم والملاءم مع الحالة الصحية للمريض.

**المادة (٤)**

**أولاً:** للمريض أو نائبه القانوني عند إصابته بإعاقة، والورثة عند وفاته:-

١- طلب معرفة سبب الإعاقة أو الوفاة، وتلتزم المؤسسة الصحية بعرض الحقائق وتزويد الوثائق الصحية والطبية.

٢- رفع شكوى إلى وزارة الصحة عند الشك، ويجب أن توجه إلى لجنة التحقيق خلال مدة (٧) سبعة أيام.

**ثانياً:**

١- تبدأ لجنة التحقيق بالتحقيقات خلال مدة لا تتجاوز (٧) سبعة أيام، وتكمل خلال مدة لا تتجاوز (٣٠) ثلاثين يوماً تحقيقاً علمياً ومهنياً حول الشكوى.

٢- تعرض اللجنة تحقيقها وتوصياتها على الوزير لاتخاذ الإجراءات القانونية والإدارية في حق المؤسسة الصحية أو قوى العمل الصحي خلال مدة لا تتجاوز (٧) سبعة أيام.

٣- للمتضرر طلب الحصول على نسخة من التقرير النهائي للجنة التحقيق.

**ثالثاً:** للمتضرر إقامة دعوى قانونية أمام المحكمة المختصة لغرض الحصول على التعويض، وللمحكمة الاستناد إلى التقرير المصدق للجنة التحقيق لحسم الدعوى.

**المادة (٥)**

فضلاً عن الحقوق الواردة في هذا القانون والقوانين النافذة، لكل طفل مريض الحق في:-

**أولاً:** توفير الأجهزة والأدوات والمستلزمات الطبية الخاصة له المتوفرة داخل المؤسسة الصحية.

**ثانياً:** حمايته من كافة أنواع الأذى أثناء الفحص أو المعالجة داخل المؤسسة الصحية.

**ثالثاً:** وجود مرافق له أثناء رقوده في المؤسسة الصحية باستثناء قسمي العناية المركزة والأطفال الخدج.

**رابعاً:** توفير كافة اللقاحات والتطعيمات اللازمة له في المراحل العمرية المختلفة في القطاع العام دون مقابل.

**المادة (٦)**

فضلاً عن الحقوق الواردة في هذا القانون والقوانين النافذة، للمرأة الحامل الحق في:-

**أولاً:** تأمين مراكز متخصصة بالعناية والإرشاد والاستشارة والعلاج لها ولجنينها في كافة مراحل الحمل والولادة وما بعد الولادة في القطاع العام.

**ثانياً:** توفير جميع اللقاحات اللازمة لها في مراحل الحمل أو بعد الولادة دون مقابل.

**المادة ( ٧ )**

**أولاً:** يجوز إجهاض جنين المرأة الحامل المصاب بمرض خطير، يشكل خطورة حقيقية وجدية على حياتها، بعد الحصول على موافقة المريض وزوجه وقرار لجنة متخصصة مختصة لا تقل عن (٥) خمسة أطباء، استناداً إلى نتائج فحوصات إحدى المؤسسات الصحية للقطاع العام، تثبت أن استمرار الحمل أو الولادة يشكل خطورة على حياة المرأة الحامل.

**ثانياً:** فيما عدا حالات (الإجهاض الطبي) المنصوص عليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة، يحظر الإجهاض بجميع أشكاله ويعامل بموجب قانون العقوبات العراقي رقم (١١١) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

## الفصل الثالث
## واجبات المريض

**المادة ( ٨ )**

**أولاً:** فضلاً عن الواجبات الواردة في القوانين النافذة في الإقليم يلتزم المريض بالواجبات الآتية:-

١- التقيد بالقوانين والتعليمات والإجراءات الداخلية للمؤسسات الصحية.

٢- احترام قوى العمل الصحي والمؤسسات الصحية، والحفاظ على الهدوء والابتعاد عن التصرفات غير اللائقة التي من شأنها أن تؤثر في حالة المرضى الآخرين والمؤسسة وقوى العمل الصحي.

٣- فيما عدا حالات الطوارئ والخطورة، يكون تنفيذ الالتزامات المالية الموافق عليها في إطار التعليمات، قبل تلقي الخدمة الصحية، وفي حالة عدول المريض عن تلقي الخدمات الصحية يرجع إليه كامل النقود.

٤- يلتزم المريض حسب قدرته والمعلومات المتاحة بإعطاء المعلومات للطبيب المعالج والمؤسسة الصحية، وفقاً لاستمارة معلومات خاصة تعد لهذا الغرض، حول المرض ومشاكله الصحية والخطوات السابقة للعلاج وأخذ الدواء، والحساسية إزاء تلقي نوع معين من الدواء وأي معلومات أخرى لازمة وردت في استمارة المعلومات.

٥- عدم ارتكاب أي عمل من شأنه تهديد الصحة العامة.

٦- المحافظة على أدوات وأجهزة المؤسسات الصحية.

٧- التقيد بقرار المؤسسة الصحية عند نقل المريض إلى مؤسسة أخرى، حسب الضرورة التي يقرر فيها الطبيب المعالج.

٨- احترام قائمة أدوار المرضى والتقيد بأسلوب الانتظار لإجراء أي خدمة في المؤسسات الصحية فيما عدا حالات الطوارئ.

٩- عدم حمل السلاح وأي وسيلة جارحة وخطيرة داخل المؤسسات الصحية وعيادات الأطباء.

١٠- الابتعاد عن تسجيل الفيديوهات والتقاط الصور داخل المؤسسات الصحية.

**ثانياً:** يلتزم مرافق المريض بجميع الواجبات المنصوص عليها في الفقرة (أولاً) من هذه المادة.

## الفصل الرابع
## الأحكام العامة

**المادة (٩)**

**أولاً:** ينظم تشكيل ومهام لجنة التحقيق بنظام يصدره مجلس الوزراء.

**ثانياً:** تجرى تحقيقات اللجنة بحضور ممثل الإدعاء العام والنقابات والجمعيات ذات العلاقة عند الاقتضاء.

**ثالثاً:** للجنة تشكيل لجان فرعية تحت رقابتها لتسريع حسم نتائج التحقيق على أن لا تتجاوز مدة التحقيق (٣٠) ثلاثين يوماً.

**المادة (١٠)**

في حالة انتهاك الحقوق الواردة في هذا القانون، يحق للمريض أو نائبه القانوني طلب تنفيذ حكم المادة (٤) من هذا القانون.

## الفصل الخامس
## الأحكام الختامية

**المادة (١١)**

على مجلس الوزراء والوزارة والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٢)**

للوزير إصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (١٣)**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (١٤)**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

انطلاقاً من احترام مبادئ حقوق الإنسان ولحماية حقوق المريض وتحديد واجباته، ومن أجل تأمين المستلزمات الصحية الجسدية والعقلية والنفسية لجميع سكان إقليم كوردستان، وتفعيل دور الحكومة والمؤسسات الصحية في الرقابة وتنمية روح المسؤولية بما ينسجم مع توجه العصر والتطور العلمي الطبي المعاصر، شرع هذا القانون.

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**١٤/ ١٠/٢٠٢٠**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ٨**
**تاريخ القرار: ٢٠٢٠/٩/٩**

**قرار**
**رقم (٨) لسنة ٢٠٢٠**

استناداً الى حكم الفقرة (أولاً) من المادة (٤٣) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان، و وفقاً لما جاء في الجلسة الأعتيادية رقم (٤) بتأريخ ٢٠٢٠/٩/٩ لبرلمان كوردستان – العراق قررنا مايلي :

**أولاً:** تشكيل لجنة مؤقتة من السادة المدرجة أسمائهم أدناه ، لمتابعة أقوال رئيس كتلة حركة الجيل الجديد ( كاظم فاروق نامق) في الجلسة الأعتيادية رقم (٤) بتأريخ ٢٠٢٠/٩/٩، حول التهديدات الموجهة الى سيادته ، من قبل البعض من أعضاء برلمان كوردستان :

١- اسماعيل على طه (رئيس اللجنة)
٢- بژار خالد عبدالله (عضو)
٣- لقمان حمد حاجى (عضو)
٤- رۆمیۆ حزيران نيسان (عضو)
٥- رزگار محمد محمود (عضو)
٦- رووپاک احمد رحمان (عضو)
٧- همداد صباح بلال (عضو)

**ثانياً:** ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره في ٢٠٢٠/٩/٩ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**د.ريواز فايق حسين**
**رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**

## بيان

استناداً إلى حكم المادة (٨) من القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ (قانون النشر في الجريدة الرسمية ـ وقائع كوردستان)، ونظراً لوجود خطأ في النص العربي للقانون رقم (٤) لسنة ٢٠١٩ (قانون تنظيم الدعاية التجارية في إقليم كوردستان ـ العراق)، رأينا ضرورة تصحيح هذا الخطأ على الوجه الآتي:

- تغيير كلمة (**الدعاية**) في عنوان القانون وأينما وردت في القانون إلى كلمة (**الإعلان**).

**منى نبى قهوچى**
**سكرتير برلمان كوردستان ـ العراق**